

# ڕۆژانی هەستان

## خۆپیشاندان و سەرکوت کردن لە ئێراق دا

AMNESTY INTERNATIONAL

لێبوردنی نێونەتەوەیی بزووتنەوەیەکی جیهانییە کە زیاتر لە 3 ملیۆن کەس ئەندام و لایەنگر و چالاکی لە زیاتر لە 150 وڵات و هەرێم هەیە کە کە بۆ کۆتایی هێنان بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ کەمپەین دەکات.

ڕوانگەی ئێمە ئەوەیە کە هەموو تاکە کەسێک خۆشی لەو مافانە ببات کە لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پێوانە نێونەتەوەییەکانی دیکە دا هاتوون.

ئێمە لە هەموو حکوومەتێک و بیروباوەڕێکی سیاسی و سوودی ئابووری یان ئایینی سەربەخۆین و بودجەکەشمان بە شێوەی سەرەکی لە ڕێگەی حەقی ئەندامەتی و بەخشینی خەڵکەوە دابین دەکرێت.

AMNESTY INTERNATIONAL

چاپی یەکەم لە 2011 دا لە لایەن
Amnesty International Ltd
Peter Benenson House
1 Easton Street
London WC1X 0DW
United Kingdom

مافی بڵاوکردنەوە تەنیا بۆ لێبوردنی نێونەتەوەییە 2011

ژمارە:مدە 14/013/2011
زمانی سەرەکی: English
بڵاو کراوەی لێبوردنی نێونەتەوەیی،
سکرتاریەتی نێونەتەوەیی، شانشینە یەکگرتووەکان

هەموو مافەکان پارێزراوە. مافی بڵاو کردنەوەی ئەم بڵاوکراوەیە پارێزراوە، بەڵام لەوانەیە بە مەبەستی باس کردن یان کەمپەین کردن یان وانە وتنەوە بڵاو بکرێتەوە نەک بە مەبەستی دوبارە فرۆشتنەوە. بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی ڕادەی کارتێکەرییەکانی ئەم بڵاوکراوەیە خاوەن بڵاوکراوەکە داواکارە کە ئەو چەشنە کەڵک وەرگرتنانە لە لای ئەوان تۆمار بکرێت. بۆ کۆپی کردن لە هەر بارودۆخێکی تردا، یان بۆ بە کار هێنانی لە چاپەمەنییەکانی تردا یان بۆ وەرگێڕان یان ڕاگواستن، دەبێ پێشتر بە نووسین ئیزن لە بڵاوکراوەکە بگیرێت و لەوانەشە حەقی بڵاو کردنەوەش دەبێ بدرێت. بۆ ئیزن ویستن بۆ بڵاو کردنەوە، یان بۆ هەر داواکاریەکی تر، تکایە پێوەندی بەم ئیمەیلەوە بکەن:
copyright@amnesty.org

وێنەی سەر بەرگ: پۆلیسی دژی شۆڕش خۆپیشاندەران لە کاتی خۆپیشاندان دا لە بەردەم بینای سەرەکی ئوستانداری لە بەسرە لە ڕێکەوتی 4 مارسی 2011 دا بڵاوە پێ دەکات.

© پارێزراو

amnesty.org

# ناوەرۆک


١. سەرەتا ........................................................................................ ٤

پێوانەکانی مافی مرۆڤ .................................................................. ٦

٢. عیراقی باشووریی و ناوەندی ........................................................... ٩

بەکارهێنانی هێزی زێدە دژ بە خۆپیشاندەران ........................................٩

ئەشکەنجە و هەڵس وکەوتی خراپی دیکە ............................................ ١٠

بەئاماج کردنی هەڵسووڕاوان و ڕۆژنامەنووسان ............................... ١٢

٣. هەرێمی کوردستانی عیراق ............................................................ ١٤

بەکارهێنانی هێزی زێدە دژ بە خۆپیشاندەران ....................................... ١٤

ئەشکەنجە و هەڵس وکەوتی خراپی دیکە ........................................... ١٦

هەڕەشە لە خۆپیشاندەر وڕەخنەگران ............................................... ١٨

هێرش بۆ سەر دەزگاکانی مێدیا و ڕۆژنامەنووسان .............................. ١٩

هەڕەشە لە خۆیندکار و خەڵکانی ئەکادێمی ........................................ ٢٠

٤. ئامۆژگارییەکان ....................................................................... ٢٢

پەراوێزەکان ............................................................................. ٢٣

# ١. سەرەتا

*"ئەگەر چالاکییە سیاسییەناحەزەکانت نەوەستێنی دەترفێنین، دەستدرێژیت دەکەینە سەر فیلمی دەستدرێژییەکەش بە ڤیدیۆ تۆمار دەکەین."*
فاتمە ئەحمەد، هەڵسووڕاوێکی سیاسی، باسی ئەو هەڕەشانە بۆ لێبووردنی نێونەتەوەیی دەکات کە خەڵکانی چەکدار لە "ڕۆژی تووڕەیی"، لە ٢٥ ی شوباتی ساڵی ٢٠١١ دا لە ماڵی خۆی لێیان کردووە

لە سەرەتای شوباتی ٢٠١١ەوە، دەیان هەزار عیراقی ڕژاونەتە سەر شەقامەکان بۆئەوەی سەبارەت بە کەمبوونی ئاو، کارەبا و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی دیکە، هەڵکشانی نرخەکان، بێکاری و گەندەڵی خۆجێ یی نارەزایی دەربڕن و داوای مافی مەدەنی و سیاسی زیاتر بکەن. لە هەرێمی کوردستانی عیراق، خۆپیشاندەرەکان هەروەها دژ بە دوو حزبی سەرەکی کە بۆماوەی چەند دەیە باڵیان بەسەر سیاسەتی ناوچەکەدا کێشاوە و سامانە حکوومییەکانیان بەدەست خۆیانەوە گرتووە، نارەزاییان دەربڕیوە.

خۆپیشاندانەکەن سەرەتا لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٠ وە سەبارەت بە بێدەسەڵاتیی حکوومەت لەبواری دابین کردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دەستی پێکرد، بەڵام دواتر پەرەی سەند. بۆنموونە، لە ١٩ ی حوزەیراندا هەزاران کەس لە بەسرا دژ بە کووژانەوەی بەردەوامی کارەبا خۆپیشاندانیان کرد. بەگوێرەی هەواڵەکان، کاتێ کە پۆلیس تەقەی لەو خۆپیشاندەرانە کرد کە بەردیان فڕێ دەدا، لایکەم یەک کەس لەبەردەم بینایەی شارەوانیی پارێزگاکە کووژرا.[1] لەوەڵامی ئەمە و خۆپیشانانەکانی دیکەدا وەزیری کارەبا دەستی لەکار کێشایەوە و لەڕۆژی ٢٥ ی حوزەیراندا وەزارەتی ناوخۆ پەیرەوێکی نوێی دانا کە مۆڵەت وەرگرتن بۆ کۆبوونەوە یا خۆپیشاندانی گەلێک ئەستەم دەکرد.

ڕاپەڕینی سەرکەوتووانەی کۆمەڵانی خەڵک لە تونس و میسر لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١١ بوو بە هاندەری عیراقییەکان بۆئەوەی دژ بە بەربەستەکان بوەستن و خۆپیشاندانەکانیان بەردەوام بکەن. زۆرێک لە خۆپیشاندەران دەنگیان بۆ خواستی دەست لەکار کێشانەوەی نوێنەرانی ناوچەیی وناوەندیی حکوومەت بەرینتر کردەوە، یا سەبارەت بە بەربەستەکانی مافە مەدەنی و سیاسییەکان نارەزاییان دەربڕی. خۆپیشاندانەکان هەتا ٢٥ ی شوبات لەزیادیی دا، کاتێ کە دەیان هەزار خۆپیشاندەر لە شارەکانی عیراق بە هەرێمی کوردستانەوە هاتنە سەرشەقام بۆئەوەی پشتگیری لە دیاردەیەک بکەن کە خۆیان پێیان دەگوت "ڕۆژی تووڕەیی دەربڕین".

---

[1] هەزاران کەس لە عیراق لەبەر کەم بوونی کارەبا خۆپیشاندان دەکەن"، *نیویۆرک تایمز*، ١٩ ی حوزەیرانی ٢٠١٠




لە خۆپیشاندانێکی ڕۆژی ٢٥ ی شوبات لە مووسڵ، خۆپیشاندەران لافیتەیەکیان بە دروشمی "تووڕەیی عیراقی" یەوە هەڵگرتووە و داوای خزمەتگوزارییەکان و کۆتایی هاتن بە گەندەڵی دەکەن. ©Private

هێزی جیاجیای ژێر دەسەڵاتی حکوومەت وحزبە سیاسییەکان، بە پاسەوانانی ئاسایش و هێزی چەکدارەوە، سەرەتا بە هێزی زۆرەوە وەڵامیان دانەوە، کە خۆپیشاندەرانی تێدا کووژران و بریندار کران، خەڵکێکی زۆریش دەستبەسەر بوون. یەکەم کووژران لە ١٦ ی شوباتدا لە شاری ڕۆژهەڵاتیی کووت لە پارێزگای واسیت و لە ١٧ ی شوباتدا لە سلێمانی لە هەرێمی کوردستان بوو. چالاکان بە لێبووردنی نێونەتەوەییان گوت کە ترس لە توندوتیژیی دوابەدوای "ڕۆژی تووڕەیی دەربڕین" بووبەهۆی کەم بوونەوەی ژمارەی خۆپیشاندەران لە هەفتەکانی دواتردا، گەرچی خۆپیشاندانەکان بەردەوام مانەوە.

زۆربەی زۆری خۆپیشاندانەکان بەهێمنی دەستیان پێکرا وهەندێکیان بە هێمنیش درێژەیان کێشا. بەڵام، گەلێک جار، خۆپیشاندەران زەبروزەنگیان نواند، کە زۆربەیان بریتی بوون لە بەردەبارانی هێزەکانی ئاسایش و کاربەدەستان، یاخۆد بینایە حکوومییەکان، بەدەگمەنیش ئاگرتێبەردانی بینایە حکوومییەکانی دەگرتەوە. وەک دەرئەنجامێکیش، ئەندامانی هێزە ئاسایشەکانی تێدا بریندار دەبوون. لە زۆربەی ئەو ڕووداوانەدا، وادەردەکەوێت کە خۆپیشاندەران تەنیا دوای ئەوە ڕوویان کردۆتە توندوتیژی کە هێزەکانی ئاسایش لەدژی ئەوان هێزیان بەکار هێناوە و تێیدا کەڵک لە بۆمبای دەنگ و تەقەمەنی ڕاستەقینەش وەرگیراوە.

تیمێکی ڕاستی دۆزینەوەی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە ماوەی ڕۆژانی ٥ تا ١٥ ی ئازاری ساڵی ٢٠١١ دا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد بۆئەوەی سەبارەت بە توندوتیژی نواندن دژ بە مافەکانی مرۆڤ ، بە تایبەت لەبواری خۆپیشاندانی خوازانەدا زانیاریی ڕاستەوخۆ وەربگرێت. تیمەکەی لێبووردنی نێونەتەوەیی بەگشتی سەبارەت بە هەولێر و سلێمانی شایەدیی

قوربانییان و شایەدەکانیان کۆکردەوە. هەروەها چاویان بە هەڵسووڕاوانی خوازیاری دیموکراسی، داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ، ڕۆژنامەنووسان، پارێزەران وکاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم (کەی ئاڕ جی) وچالاکانی شوێنەکانی دیکەی عیراقیش کەوت.

توێژینەرانی لێبووردنی نێونەتەوەیی زانیاریی بەنرخیان لەسەر خۆپیشاندەران ووەڵام دانەوەیان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە، هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لە شوێنەکانی دیکەی عیراق گردوکۆ کرد. هەرچۆنێک بێت، لە زوربەی حاڵەتەکاندا، نەیانتوانی سەبارەت بەوەی خەڵکەکە، بە دوو ئەندامی هێزەکانی ئاسایشەوە کە تەقەیان لێکرا و کووژراون، چۆن لەماوەی خۆپیشاندانەکاندا کووژران یا بریندار بوون، زانیاری وەدەست بخەن. هەرچۆنێک بێت، لێبووردنی نێونەتەوەیی توانیویەتی بگاتە ئەنجامی ئەوەی کە لە زور ڕووداوی ماوەی خۆپیشاندانەکاندا هێزە چەکدارەکان، هێزی ئاسایش، یا پاسەوانانی ئاسایش هێزی زیادەیان خستۆتە گەڕ، بەتایبەت کاتێ کە تەقەیان کردووە و بۆتەهۆی کووژران و برینداربوونی خۆپیشاندەران یا خەڵکانی لاوەکی. ڕۆژی ٣٠ ی ئازار لە پەرەسەندنێکی درەنگ کات بەڵام باشی کارەکاندا دەسەڵاتداریەتی عیراق ڕایگەیاند کە هێزەکانی ئاسایشی ئەوان فەرمانیان پێدراوە کەڵک لە چەکی گەرم دژ بە خۆپیشاندەران وەرنەگرن مەگەر کاتێ کە بۆ داکۆکیکردن لەخۆیان پێویستیان پێی بێت.[2]

لێبووردنی نێونەتەوەیی هەروەها بەڵگەی گەلێک هەژێنەر وناخۆشی لە هێرشکاریی دەست نیشان کراو بۆسەر هەڵسووڕاوانی سیاسی، و سەبارەت بە ئەشکەنجە و هەڵس وکەوتی خراپی دیکە بۆ سەر ئەو خەڵکانەی وقا لە پەیوەندیی خۆپیشاندانەکاندو گیراون، هەروەها هێرش کردنە سەر یا ترساندنی ڕۆژنامەنووسان، دەزگاکانی مێدیا، ڕەخنەگرانی حکوومەت و خوێندکاران دەست کەوت.

تا ئێستا، حکوومەتی عیراق لە بەغدا و هەرێمی کوردستان ویستوویانە بەتوندیی لەگەڵ خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز بجووڵێنەوە. ئەو دەبێ بگۆڕرێت. ئەوان دەبێ بە توندیی لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی زێدە و ئەشکەنجەدان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی خۆیانەوە کە بە زۆریی هیچ حیسابێکیان لێ وەرناگیرێتەوە بجووڵێنەوە نەک لەگەڵ مافی خەڵکانێک کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە خۆپیشاندان دەکەن. دەسەڵاتدارانی عیراقی دەبێ مافی ئازادیی ڕادەربڕین و کۆبوونەوەی هێمنانە بە مافی نارەزایی دەربڕینەوە بپارێزن، نەک هەوڵ بدەن سەرکوتیان بکەن. ئێستا کاتی خۆیەتی ئەم کارە بکرێت.

---

2 *اصوات العراق*، ٣٠ ی ئازاری ٢٠١٠ لەم سەرچاوەیەدا:

http://en.aswataliraq.info/Default1.aspx?page=article_page&id=141712&l=1

ڕۆژی ٧ ی نیسانی ٢٠١١ سەیرکراوە.

## پێوانەکانی مافی مرۆڤ

دەسەڵاتدارانی عیراقی نەیانتوانیوە ڕێز لەو ئەرکانە بگرن کە بەگوێرەی یاسای بنەڕەتیی ووڵات و هەروەها ئەرکە ناونەتەوەییەکان لەسەر شانیانە بۆ ئەوەی مافی ئازادیی کۆبوونەوە و ڕادەربڕین بپارێزن.

بەندی ٣٨ ی یاسای بنەڕەتی عیراق ئازادی کۆبوونەوە و دەربڕینی ئاشتیخوازانەی ڕا "بە شێوەیەک کە نەزمی گشتی یا ئەخلاقی نەشێوێنێت" دەستەبەر دەکات. بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەو پەیڕەوە نوێیانەی وا لە ڕۆژی ٢٥ ی حوزەیرانی ٢٠١٠ ەوە هاتوونەتە کایەوە، ڕێگا لە بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانی یاسایی عیراقییەکان دەگرن لەبەر ئەوەی داوا لە ڕێکخەرانی ئەو خۆپیشاندانانە دەکرێت کە لە ماوەیەکدا کە کەمتر لە ٧٢ سەعات پێش ڕووداوە بەرنامە داڕژاوەکە نەبێت، بەرلەوەی داواکارییەکەیان ئاراستەی دەزگای پۆلیسی پەیوەندیدار بکەن، "مۆڵەتی نووسراو لە هەردوو وەزارەتی ناوخۆیی و حکوومەتی ناوچەیی" وەربگرن. پەیڕەوەکان، ڕوونی ناکەنەوە ئایا وەزارەتی ناوخۆیی و سەرۆکانی حکوومەتی ناوچەیی یا پۆلیس لە پەسندکردن یا ڕەدکردنەوەی داواکاریی خۆپیشاندانەکەدا دەبێ ڕەچاوی چ پێوانەیەک بکەن و لەئەنجامدا هێزێکی بێ سنوور دەداتە حکوومەت بۆئەوەی بڕیار بدەن کێ بتوانێت یا نەتوانێت خۆپیشاندان بکات.[3] ڕۆژی ٣ ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٠ ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان (کەی ئار جی) ش یاسایەکی بۆ خۆپیشاندان هەموار کرد کە داوخوازی ئەو بوو ٤٨ سەعات پێش ڕووداوەکە داواکارییەک بۆ پەسندکردن بدرێتە دەسەڵاتداریەتی. دەسەڵاتداریەتیش ئەگەر وا بزانرێت کە خۆپیشاندانەکە نەزم یا ئەخلاقی گشتی تێک دەدات، مۆڵەتیان ناداتێ. ئەو ڕەدکردنەوەیە دەکرێت بۆ پێداچوونەوە بچێتە بەردەم دادگا.[4]

بەندی ٢١ ی ڕێککەوتننامەی سەبارەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان (ئای سی سی پی ئار)، کە حکوومەتی عیراقیش هەمواری کردووە، دەڵێ هەرچەشنە بەربەستێک لە سەر ڕێگای مافی ئازادیی کۆبوونەوە دەبێ بەتەواوەتی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یا سەلامەتیی گشتی، نەزمی گشتی، تەندروستی یا ئەخلاقی گشتی، یا پاراستنی مافەکانی ئازادیی خەڵکی تر پێویست بێت. هەموو بەربەستێکی لەوچەشنە دەبێ هاوڕێژە بێت لەگەڵ مەبەستی یاسایی و ئامانجێکی هەڵاواردن، بە پێشینەی باوەری سیاسیشەوە، تێدا نەبێت.

تەنانەت کاتێ کە بەربەست دانان لەسەر ڕێگەی مافی خۆپیشاندان بە یاسایی بزانرێت، پێویستە چاودێریی کردنی پۆلیسیی خۆپیشاندانەکە، چ مۆڵەت پێدراو بێت و چ نەبێت، بەگوێرەی پێوانە نێونەتەوەییەکان بەڕێوە بچێت. ئەو پێوانانە، یاساخی بەکار هێنانی هێز لەلایەن کاربەدەستانی بەڕێوەبەری یاساوە دەکەن مەگەر لەبارودۆخێکدا کە بەتەواوەتی و تا ئەوڕادەیە پێویست بێت کە بەڕێوەبردنی ئەرک وکاری بەڕێوەبەرانی کارەکە ئەو شتە بخوازێت و تەنیا کاتێکیش کەڵک لە

---

[3] چاودێری مافەکانی مرۆڤ، *عیراق: بەندوبەست لەسەر خۆپیشاندان بوەستێنن*، ١٧ ی ئەیلوولی ٢٠١٠.

[4] یاسا ١١ی ٢٠١١

http://www.perleman.org/files/articles/201210083756.pdf

ڕۆژی ٧ ی نیسانی ٢٠١١ سەیرکراوە.

چەکی گەرم وەربگرن کە بۆبەرگریکردن لە گیانی خەڵک هیچ چارەسەرێکی دیکەیان نەبێت.



پۆلیسی دژی ئاژاوە لە گۆڕەپانی تەحریر لە ناوەندی بەغدا ئامادە وەستاوە، ١٨ ی ئازاری ٢٠١١

© AP Photo/Khalid Mohammed

لە کاری چاوەدێری کردنی پۆلیسی و وەڵامدانەوەی خۆپیشاندانی مانگی شوبات و ئازاری ٢٠١١ دا، هێزە چەکدارەکانی عیراق و هێزە ئاسایشەکان پێشێلی پێوانە نێونەتەوەییەکانیان کرد، کە لەهەمووان بەرچاوتر، 'بنەما سەرەکییەکانی بەکارهێنانی هێز و چەکی گەرم لەلایەن کاربەدەستانی بەڕێوەبەری یاساوە (بنەما سەرەکییەکان)' و 'پەیڕەوی بەڕێوەبردن بۆکاربەدەستانی بەڕێوەبەری یاسا' بوو. لە 'بنەما سەرەکییەکان' دا گوتراوە: "پەرەسەندن و بەکارهێنانی چەکی غەیرە کوشەندە و پەککخەر دەبێ بە تێبینیەکی تەواوەوە ووردە بەڕێوە ببرێت بۆئەوەی مەترسیی سەر کەسانی بەشدارنەبوو کەم ببێتەوە و کەڵک وەرگرتن لەو چەشنە چەکانە بە ووردی بێتە ژێر کۆنترۆڵەوە." [5] ئەو بنەمایانە هەروەها دەڵێن هەرکاتێ کە بەکارهێنانی یاسایی هێز وچەکی گەرم چارێکی ناچار بوو، کاربەدەستانی بەڕێوەبەی یاسا دەبێ "خۆ لە بەکارهێنانیان بگرن و بەگوێرەی هاوتایی لەگەڵ ڕێژەی جیددی بوونی سەرپێچییەکە بجووڵێنەوە، بەشێوەیەک کە بگەنە ئامانجە یاساییەکان" و "زیان و برینداریی بگەیێننە ڕادەی کەمی خۆی، و ڕێز لە ژیانی مرۆڤ بگرن و بیپارێزن". [6] بەندی ٩ دەڵێت کاربەدەستانی بەڕێوەبەری یاسا واهەیە تەنیا کاتێ بتوانن کەڵک لە

[5] بەندی ٣ ی "پەیڕەوی بەکارهێنانی هێز و چەکی گەرم لەلایەن کاربەدەستانی بەڕێوەبەری یاساوە" و "پەیڕەوەکانی کاربەدەستانی بەڕێوەبەری یاسا".

[6] بەندی ٥ ی "ئوسووڵی سەرەتایی لەمەڕ بەکارهێنانی هێز و چەکی گەرم لەلایەن کاربەدەستانی بەڕێوەبەری یاساوە" و "پەیڕەوەکانی کاربەدەستانی بەڕێوەبەری یاسا".

چەکی گەرم دژ بەخەڵک وەربگرن کە داکۆکییان لەخۆیان کردبێت یا لەخەڵکی تر دژ بە هەڕەشەیەکی نزیکی مردن یا برینداربوونی جیددی.

ئەو کەیسانەی وا لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە و هەندێک نیشانەی تر کە لێبووردنی نێونەتەوەیی کۆی کردوونەتەوە دەریدەخەن کە لە چەندەها بۆنەدا، هێزە چەکدارەکانی عیراق ئەو پێوانانەیان خستۆتە ژێر پێ و هێزی زیادەیان بەکار هێناوە، کە لە هەندێک کەیسدا ئەنجامی مردنی لێ کەوتۆتەوە. ئەوان هەروەها پێشێلی مافی ژیانیان کردووە کە لە بەندی ٦ ی ڕێککەوتننامەی سەبارەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان (ئای سی سی پی ئاڕ)دا ئاماژەی بێکراوە. لیژنەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تێبینی گشتی ژمارە ٦ دا ڕادەگەیێنێت کە مافی ژیان بۆ ئەوە نابێت لەخەڵک بسەنرێتەوە، باوەکوو لە کەیسی "کوتوپڕی گشتی" شدابێت. لیژنەکە زیادی دەکات و دەڵێ: "حکوومەتان دەبێ هەموو هەوڵێک بدەن لەپێناوی نەک هەر بەرگریکردن و سزای گیان لێ سەندن بەهۆی کردەوەی تاوانکارییەوە، بەڵکوو هەروەها بەرگری بکەن لە کوشتنی نابەجێ لەلایەن هێزە ئاسایشەکانی خۆیشیانەوە. "مەنعی ئەشکەنجە و هەڵس وکەوتی بێ بەزەییانە، نامرۆڤانە یا ئابڕووبەرانە یا سزادانیش بۆئەوە نابێت چاوی لێ بپۆشرێت."

کاتێ ئەومافانە و مافەکانی دیکەی مرۆڤ دەستدرێژییان کرایە سەر، یاسانێونەتەوەییەکان حکوومەتان مەحبوور دەکەن کە قەرەبوویەکی بەرچاوی قوربانییانی دەستدرێژیی مافەکانی مرۆڤ بکەنەوە. ئەرکەکانی حکوومەت لەم بوارەدا، سێ گەوهەری سەرەکییان هەیە: ڕاستی (واتە جێگیرکردنی ڕاستییەکان سەبارەت بە دەستدرێژی بۆسەر مافەکانی مرۆڤ)؛ دادپەروەری (لێکۆڵینەوە لە دەستدرێژییەکانی ڕابردوو و، ئەگەر ڕادەیەکی بەرچاوی بەڵگەی ڕێگەدراو گردوکۆ کران، شوێن کەوتنی ئەو کەسانەی وا گومانی تاوانەکەیان لێدەکرێت)؛ و قەرەبووکردنەوە (دابین کردنی قەرەبووی تەواو و بەکەڵک بۆ قوربانیان و بنەماڵەیان بە پێنج شێوە: گەڕاندنەو بۆ شێوازی پێشوو، غەرامە، گەڕاندنەوە بۆ دۆخی باشی جاران، ڕەزامەندی و زامن کردنی ئەوەی شتەکە دووپات نەبێتەوە).

لێبووردنی نێونەتەوەیی داوا لە دەسەڵاتداریەتی عیراق دەکات کە فەرمان بدەنە هێزی چەکدار، هێزی ئاسایش، و پاسەوانانی ئاسایش کە دژ بە خۆپیشاندەران هێزی زێدە نەخەنە کار، و لێکۆڵینەوەی بەرێ وجێی هەموو ئەو ڕووداوانە بکەن کە تێیاندا مافەکانی مرۆڤ پێشێل کرابن و ئەوانەی وا بە بەرپرس بناسرێن بدەنە دەست دادپەروەری و بەم شێوەیە زامنی هەموو عیراقییەک بکەن کە بتوانێت بەبێ ترس لە بریندار بوون و سزادران، سوود لە مافەکانی خۆی لە پێناو ئازادیی ڕادەربرین و کۆبوونەوە وەربگرێت.

# ٢. عیراقی باشووری و ناوەندی

خۆپیشاندەران لە باشوور و ناوەندی عیراق لە سەرەتاکانی شوباتی ٢٠١١ بە خێرایی دەستیان بە کۆبوونەوە کرد. بۆنموونە، ڕۆژی ١٠ ی شوبات پارێزەرانی عیراقی لەبەغدا ڕێبەرایەتی خۆپیشاندانێکیان کرد کە تێیدا سەدان کەس بەشدار بوون و ناڕەزیی خۆیان لەگەڵ کارانەبوونی سیستەمی یاسایی، دەستدرێژی بۆسەر زیندانیان وگەندەڵیی هەمەگیر دەربڕی.[7] هەمان ڕۆژ ناڕەزایی دەربڕینێکی هاوچەشن لە بەسرا و مووسڵیش بەڕێوەچوو.

خۆپیشاندان لەوێوە بەین بەین درێژەی کێشا، کە لووتکەکەی "ڕۆژی تووڕەیی" بوو لە ٢٥ ی شوبات. بۆنموونە، لە ١٩ ی ئازار دا، چالاکان خۆپیشاندانێکیان بۆ "ڕۆژی زیندانیان" ڕێک خست، کاتێ کە کەس وکاری زیندانییەکان و کەسانیتر دژ بە بارودۆخی ناو زیندان ناڕەزاییان دەربڕی. ڕۆژنامەنووسانی عیراقی دژ بەو بەربەستانەی وا لەسەر ڕاگەیاندنی هەواڵی خۆپیشاندانەکان بۆ مێدیا دانراون، ویەک لەوان مەنعی ڕاگواستنی زیندووی هەواڵی تەلەفیزیۆنە فەزاییەکان لەمەڕ بەغدا، کە لە ڕۆژی ٢٥ ی شوبات داسەپێنرا و هەفتەی دواتر وەلانرا، خۆپیشاندانیان سازدا.

## بەکار هێنانی هێزی زێدە دژ بە خۆپیشاندەران

لە ناوەڕاستەکانی شوباتی ٢٠١١ ەوە، خەڵکانێکی زۆر لە پێکدادانی پڕزەبروزەنگی نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی ژێر حوکمی دەسەڵاتداریەتی عیراق کووژراون یا بریندار بوون، و زۆرێک لە خۆپیشاندەران بە گوللەی هێزە چەکدارەکان، هێزەکانی ئاسایش، یا پاسەوانانی ئاسایش کووژراون، لە بارودۆخێکدا کە کەڵک وەرگرتن لە چەکی گەرم، خۆی لە بەکارهێنانی زیاد لەڕادەی هێزدا دەدیتەوە.

ڕۆژی ١٦ ی شوبات، کوڕێکی مێرمنداڵ لەناو ئەو کەسانەدا بوون کە لەشاری کووت لە پارێزگای واسیت ١٦٠ کیلۆمەترێک لەلای باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغدا و لە ماوەی خۆپیشاندانێکی هێمنانەی دەوروبەری ٢هەزار کەسدا کووژران کە دژ بە بێ کەڵک بوونی خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەت کەم بوونی کارەبا و ئاو خۆپیشاندانیان دەکرد. بەگوێرەی هەواڵ، پاسەوانەکانی ئاسایش کە لەلایەن دەسەڵاتداریەتی ناوچەییەوە دامەزرابوون، بە چەکی گەرم تەقەیان لەو خۆپیشاندەرانە کرد کە دەیانویست بچنە ناو بینایەی شۆڕای پارێزگاوە. ئەفسەرێکی پایەبەرزی پۆلیس لە کووت بە ڕۆژنامەنووسانی گوت "حیساب لەو پاسەوانە تایبەتانە وەردەگیرێتەوە، بەڵام دوای هێوربوونەوەی بارودۆخ".[8]

---

[7] ئەسۆسیەیتد پرێس، *"لە بەغدا یاسازانان ڕێبەرایەتی خۆپیشاندانی دژی حکوومەت دەکەن"*، ١٠ ی شوباتی ٢٠١١،

[8] ئەلجەزیرە، "عیراقییەکان هێرش دەکەنە سەر فەرمانگە حکوومییەکان"، لەم سەرچاوەیەدا:

http://english.aljazeera.net/news/middleeast/2011/02/2011216114058147154.html

ڕۆژی ٧ ی نیسانی ٢٠١١ سەیرکراوە.



ئاگرێک لە دەرەوەی بینایەی شۆڕای پارێزگا لە مووسڵ لە ڕۆژێکی خۆپیشاندانەکاندا، لە٢٥ ی شوباتی ٢٠١١ © Private

ڕۆژی ٢٥ ی شوبات، پێکدادانی توندوتیژ لە زۆرێک لەو خۆپیشاندانە گەورانەدا ڕووی دا، کە لە "ڕۆژی تووڕەیی" لە هەموو وولاتەکەدا هاتبووە ئاراوە و شارەکانی مووسڵ و بەسرا و پارێزگای سەلاحەددین و کەرکووکییش دەگرتەبەر و گەیشتە ئەنجامی مردنی خەڵکیش. لە مووسڵ هەواڵی کووژرانی پێنج کەس بەگوللە گەیشتە گوێ. یەک لەوان **موئتاز موەفەق وەیسی**، پیاوێکی خاوەن ژن و یەک منداڵ بوو. براکەی گوتی کە نیشانچییەک گوللەی لە سەری دابوو.[9] شایەدان بە لێبووردنی نێونەتەوەییان ڕاگەیاند کە هێزەکانی ئاسایش بۆمبای کەرکەریان بەکار هێنا و گوللەیان بەرەو ئاسمان تەقاند بۆئەوەی لە کاتی بەیانیدا خۆپیشاندەران لە دەرەوەی بینایەی شۆڕای پارێزگا بڵاوە پێ بکەن. بارودۆخەکە لە دەوروبەری نیوەڕۆدا بەرەو خراپی ڕۆیشت کاتێ کە لای کەم دوو کەس بەرگوللەکەوتن و کووژران.[10] شایەدان گوتیان هێزە ناوچەیی و سەرانسەرییەکانی

---

9 بڕوانە وێبلۆگی
http://www.almawsil.com/vb/showthread.php?t=87558
ڕۆژی ٧ ی نیسانی ٢٠١١ سەیرکراوە.

10 *اصوات العراق*، ٢٥ ی شوباتی ٢٠١١ لەم سەرچاوەیەدا:
http://ar.aswataliraq.info/Default1.aspx?page=article_page&id=273181&l=1
ڕۆژی ٧ ی نیسانی ٢٠١١ سەیرکراوە.

ئاسایش چەکی گەرمیان بەکار هێنا ودوای ئەوەی خۆپیشاندەرەکان لە دەوروبەری سەعات ١٢ و نیودا چوونە ناو بینایەی شۆڕای پارێزگاوە و ئاگریان تێبەردا، بریندار و کووژراوی زیاتری لێ کەوتەوە. هەواڵ گەیشت کە فەرماندەرێکی فیرقەی ٢ی سوپا، کە بنکەی لە ناوچەی مووسڵ بوو، گوتوویەتی کە لەناو بینایەکە و و سەربانی بینایەکانی دراوسێوە تەقە لەخۆپیشاندەران کراوە کە ئاماژەیە بەوەی پاسەوانانی ئاسایش و هێزەکانی ئاسایش بەرپرسی کووژراو وبریندارەکان بن.[11]

هەمان ڕۆژ لە بەسرا، خۆپیشاندەرێک، بەناوی سەلیم فارووق کووژرا و دوای پێکدادانێک کە لە بەردەم بینایەی شۆڕای پارێزگا سەری هەڵدا، ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران و ئەفسەرانی پۆلیس بە بەرد یا باتون بریندار کران. شایەدێک بە لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕاگەیاند کە هێزەکانی ئاسایش بۆمبای دەنگیان بەکار هێنا و چەکی گەرمیان بەرەو ئاسمان تەقاند بۆئەوەی بڵاوە بە خۆپیشاندەرەکان بکەن.

## ئەشکەنجە و هەڵس وکەوتی خراپی دیکە

خەڵکانێکی زۆر لەپەیوەندی نارەزایی دەربرین دا گیراون، بەو کەسانەوە کە تووشی ئەشکەنجە هاتوون یا هەڵس وکەوتی خراپیان لەگەڵ کراوە.

**عودەی ئەلزەیدی،** هەڵسووڕاوێک کە لە پەیوەندی ڕێک خستنی خۆپیشاندانێکدا بووە، بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت کە سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٣ ی شوبات خۆپێشاندەران لە گۆڕەپانی ئەلفیردەوس لە بەغدا ڕووبەڕووی هێزە چەکدارەکان بوونەوە کە فەرمانیان پێدان بڕۆن بۆ شوێنێکی تر. ناوبراو گوتی من موافەقەم کرد بە ترومبێلێکی سوپایی بچم بۆ ناوچەی ئەبوونواس بۆئەوەی شوێنێکی جێگری ئەو شوێنە بدۆزمەوە. هەرچۆنێک بێت، کاتێ گەیشتنە شوێنەکە ئەفسەرێک فەرمانی پێدا لە ترومبێلەکە بێتە دەرەوە و ترومبێلەکەڕۆیشت. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، پیاوانێک بە جل وبەرگی مەدەنییەوە عودەی ئەلزەیدییان بەزۆر خستە ناو ترومبێلێکی دیکەوە ولەوێدا لێیاندا و چاویان بەست. ناوبراو گوتی ئینجا بەترومبێلەکە بردوویانە بۆ شوێنێکی نەناسراو کە ١٥ خولەکێک لەوێوە دوور بووە، ماوەی پێنج ڕۆژ لەوێیان ڕاگرتووە ولەوێش ئەشکەنجە کراوە و بە خراپ لەگەڵی جوولاونەتەوە. ناوبراو گوتی:

*"هەموو ڕۆژێک دەهاتنە لام و بەلێدان و ڕاتڵەکاندنی کارەبایی هێرشیان دەکردە سەرم.پێیان دەگوتم ئیعتیراف بکە کە حزبی بەعس ناردووتی [ئەو حزبەی وا ڕێبەرەکەی سەرەک کۆماری پێشوو سەددام حوسەین بوو، وا لە مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٠٦ دا ئیعدام کرا]. کاتێ بەرپەرچی ئەوانەم دەدایەوە، بە باتوون خراپتریان لێدەدام و بە نەقیزەی کارەبایی ئەندامیان ڕادەتڵەکاندم."*

ناوبراو دوای ئازاد بوون پێویستی بە چوونە نەخۆشخانە و دووڕۆژ عیلاج کردن هەبووە. ناوبراو بێ ئەوەی پێشی بگیرێت، لەڕۆژی ٢٥ ی شوبات لە گۆڕەپانی تەحریری بەغدا، بەشداریی خۆپیشاندانی "ڕۆژی نارەزایی دەربرین" ی کرد. ئەو گوتی سەرلەنوێ لەلایەن هێزەکانی

---

[11] *اصوات العراق*، ٢٧ ی شوباتی ٢٠١١

http://ar.aswataliraq.info/Default1.aspx?page=article_page&id=273372&l=1

ڕۆژی ٧ ی نیسانی ٢٠١١ سەیرکراوە.

ئاسایشەوە گیراوە،لە پۆلیسخانەیەک لە ناوچەی ئەلبەلەدیات چەندڕۆژێک دەست بەسەر کراوە و بەتوندی لێیدراوە.

چالاکێکی دیکە، **عەبدەلجەببار شالووب حەممادی**، کە یارمەتی ڕێکخستنی خۆپیشاندانی "ڕۆژی نارەزایی دەربڕین" ی بەغدای داوە، بە لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕاگەیاند کە ڕۆژی ٢٤ ی شوبات لە سەر شەقامێک لە بەغدا لەلایەن نزیکەی ٣٠ پۆلیسی چەکدارەوە وەستێنرا. پاشان لێیاندا، چاویان بەست و ڕایانگواستە ناو بینایەیەکی پۆلیس لە ناوچەی بەلەدییات. لەوێ، ئەشکەنجە کرا، و یەک لەکارەکان ئەوە بوو لە کاتێدا کە دەست و لاقیان پێکەوە بەستبوو، بەمەچەکی دەست بە میچی ژوورەکەدا هەڵیانواسی و سەهۆڵاویان بەئەندامیدا دەکرد. دوای پێنج ڕۆژ ڕاگوێزرایە دائیرەی ئیستیخبارات لە ناوچەی ساحة ئەلنوسووری بەغدا. پاشان سەرلەبەیانی ڕۆژی ٨ ی مانگی سێ بە بێ تۆمەتبارکردنی یاسایی ئازاد کرا.



هادی ئەلمەهدی، میواندارێکی ووتووێژی ڕادیۆیی لە ئێزگەی ڕادیۆ دەمووزی، لە ستۆدیۆی بەغدای خۆی

© Joao Silva/ NYTimes Syndicate/eyevine

**هادی ئەلمەهدی**، ڕۆژنامەنووس و نووسەر، ڕۆژی ٢٥ ی شوبات لە گۆڕەپانی تەحریری بەغدا چووە ناو خۆپیشاندانەکەوە. ناوبراو بە لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕاگەیاند کە دوای خۆپیشاندانەکە لەگەڵ سێ ڕۆژنامەنووسی دیکە - حوسسام سەرائی، عەلی عەبدولسادە، و عەلی مووسەوی خەریکی خواردنی نانی نیوەڕۆ بوون کە لای کەم ١٥ سەرباز هێرشیان کردە سەر چێشتخانەکە، بە تفەنگ لەو و سێ برادەرەکەیان دا و بەزۆر خستیانە ناو ترومبێلێکەوە. ناوبراو گوتی بردیانمە ناوەندێکی دەستبەسەرکران کە فیرقەی ١١ی سوپا بەڕیوەی دەبات، دواتر زانیم کە ئەوە بینایەی پێشووی وەزارەتی دیفاع بووە، و لەوێ پرس وجۆیان لێکردم. ناوبراو گوتی لە ماوەی پرس وجۆکاندا چەندجار لێیان داوە، دووجار لاقیان بە کارەبا ڕاتڵەکاندووە، و هەڕەشەی دەستدرێژیی جنسییشیان لێکردووە. ناوبراو سەرلەبەیانی زووی ڕۆژی ٢٦ ی شوبات بەبێ تۆمەتبارکرانی یاسایی ئازاد کراوە.

گیراوەکانی دیکەی وا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە ئازار دراون، لەترسی تۆڵەسەندنەوە نایانەوێت

ناویان ڕابگەیێنرێت. بۆنموونە، قوتابییەکی ١٨ ساڵانی قوتابخانەی ناوەندی بە لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕاگەیاند کە دوای خۆپیشاندانەکەی مانگی سێ لە بەغدا، هێزەکانی ئاسایش ئەو و لاوانی دیکەی خۆپیشاندەریان دەست بەسەر کردووە. ناوبراو گوتی ئەو و زۆرێکی تر لە گیراوەکان چاویان بەستراوە و بە کابڵ لە پشتیان دراوە. لەماوەی پرس وجۆکاندا، ئەفسەرەکە چەندجار بە زللە لە دەم وچاوی داوە. ئەفسەرەکە لێی پرسیوە چۆن ئاگاداری خۆپیشاندانەکە بۆتەوە وتۆمەتی ئەوەی داوەتە پاڵی کە ئەندامی حزبی بەعسە یاحزبی شیوعی. دوای چوار ڕۆژ مانەوەی لە دەستبەسەریدا، ئازادیان کردووە بەڵام پێش بەڕەڵڵا بوون، ئەو وگیراوەکانی تر مەجبوور کراون یادداشتێک بنووسن و بڵێن کە لە خۆپیشاندانەکانی دواتردا بەشداریی ناکەن.

## بەئاماج کردنی هەڵسووڕاوان و ڕۆژنامەنووسان

ڕێکخەر و بەشداربووانی خۆپیشاندانەکان لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە هەڕەشەیان لێکراوە، هێرشیان کراوەتە سەر ودەست بەسەر کراون تەنیا لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی هێمنانە مافی ئازادیی دەربڕینی ڕا و ئازادیی کۆبوونەوەیان ڕەچاو کردووە. بۆنموونە، ئەو فیلمی ڤیدیۆیەی وا لە ڕۆژی ٢٥ ی شوباتدا لە کەربەلا هەڵگیراوە دەریدەخات کە چەندەهاکەس لە ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش – بە ئەندامێکی پۆلیسی دژی ئاژاوەوە – دەوری پیاوێک دەدەن وبە باتوون دارکاریی دەکەن، کاتێ کەسەکە بە دەستی بەتاڵ هەڵدێت، ئەندامانی دیکەی هێزەکانی ئاسایش بەردەبنە لێدانی و لەسەری دەدەن.[12]

گەلێک لە خەڵکانی چالاک لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە هەڕەشەیان لێکراوە یا هێرشیان کراوەتە سەر. یەک لە هەڵسووڕاوان لە بەسرا بە لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕاگەیاند کە بەهۆی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانێکی کۆتاییەکانی مانگی شوباتەوە بەتەلەفون هەڕەشەی لێکراوە. ئەو کەسە نەناسراوەی وا تەلەفونی بۆکردووە چاوترسێنی کردووە کە ئەگەر درێژە بەکاری ناڕەزایی دەربڕین بدات، ئەوا "تووشی زەحمەت" دەبێت. ناوبراو گوتی دووکەس لە هاوکارەکانی کە بەشداریی خۆپیشاندانەکانیان کردبوو هەڕەشەی هاوچەشنیان لێکراوە.

ڕۆژی ٢٠ ی شوبات لەدەوروبەری نیوەڕۆدا، ئەو خۆپیشاندەرانەی وا لە گۆڕەپانی تەحریر لە هێرشبەرە نەناسراوانەی وا چەقۆ و دارەدەستیان پێ بووە، بەچەقۆ برینداریان کردوون. هەواڵی

---

12 بڕوانە:

http://www.youtube.com/watch?v=kkXQ5sYyARI

(پەیوەندیدار بە قەناتی تەلەفیزیۆنیی ئەلجەزیرەوە)، هەروەها:

http://www.youtube.com/user/IraqiRevolutions#p/u/25/NCgf3zOyM5s

(پەیوەندیدار بە قەناتی تەلەفیزیۆنیی ئەلشەرقییەوە)

ڕۆژی ٧ ی نیسانی ٢٠١١ سەیرکراون.

ئەوە گەیشتووە کە هێزەکانی ئاسایش بە ماوەیەکی کەم پێش ئەو هێرشکارییە لە ناوچەکە چوونەتە دەرەوە.



ڕۆژنامەنووس محەممەد ئەلراسد، لە خۆپیشاندانێکی ڕۆژی ٤ی ئازاری ٢٠١١ دا لە بەسرا دەست بەسەر دەکرێت

© AP Photo/Nabil al-Jurani

ئەو ڕۆژنامەنووسانەی وا خەریکی وەرگرتنی هەواڵی خۆپیشاندانەکان بوون لەلایەن هێزی چەکدار یا هیزەکانی ئاسایشەوە کەوتوونەتە بەر هێرش. زۆرێکیان کەرەسەی ئیش و ڕاپۆرتەکانیان لێ زەوت کراوە یا فەوتێنراوە هەندێکیشیان دەست بەسەر کراون. سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٣ ی شوبات هێزەکانی ئاسایش هێرشیان کردەسەر ئۆفیسی چاوەدێریی ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووسی لە بەغدا و کەرەسەی کەمپیوتەری و ئارشیڤەکەیانیان لێ زەوت کردن. ڕێکخراوەکە چەندەها ساڵە لە پێناو ئازادیی مێدیا لەعیراق و بۆنموونە، نارەزایی دەربڕین لە بابەت بە بەربەستەکانی سەر هەواڵی میدیاکان سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی عیراق، خەبات دەکات.

ڕێکخراوەی ئێن جی ئۆی چاوەدێریی ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووسی، هەروەها ڕێکخراوەی ئازادیی چاپەمەنی بەناوی هەواڵنێرانی بێ سنوور کە ناوەندەکەی لەپاریسە، گەلێک لەو ڕووداوانەیان بەبەڵگە تۆمار کردووە. بۆنموونە، لەڕۆژی ٢٥ ی شوباتدا هێزە چەکدارەکان هێرشیان کردە سەر ئۆفیسی بەغدای تەلەفیزیۆنی ئەلدیار وبەرگریی بڵاوکردنەوەی زیاتری هەواڵی خۆپیشاندانەکانیان لێکردن. لای کەم حەوت کەس لە فەرمانبەران گیران. هەمان ڕۆژ لە کەربەلا، نوێنەری ڕۆیتەرز **موشتاق موحەممەد** دوای ئەوەی هێزەکانی ئاسایش بە باتوون لێیاندا، بە برینی مەترسیداری سەریەوە برایە نەخۆشخانە، و لەمووسڵ، پۆلیس لە **ئەحمەد حیالی** ڕادیۆ

ساوای دا و نەیهێشت هەواڵی خۆپیشاندانەکان ڕابگەیێنێت.

هەواڵی شێوازی دیکەی تۆقاندنیش گەیشتووە. بۆنموونە، چالاکێک لە بەغدا بە لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕاگەیاند کە لە ڕۆژی ١٩ ی مانگی سێ دا پیاوانی چەکدار بە جل وبەرگی ئاساییەوە لە ترومبێلێکدا لە دەرەوەی ئەو بینایە وەستا بوون کە تێیدا هەواڵنامەیەک لە پشتگیریی خۆپیشاندانەکەدا ئامادە کرابوو.

# ٣. هەرێمی کوردستانی عیراق

وەک دەرئەنجامێکی بەکارهێنانی هێزی زێدە لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و لەماوەی ئەو ناڕەزایی دەربڕینانەی وا لە ناوەڕاستەکانی شوباتی ٢٠١١ ەوە کوردستانی داگرتووە، لای کەم شەش کەس مردوون و دەیان کەس بریندار بوون. خەڵکانێکی زۆر بۆ ماوەیەکی کەم دەست بەسەر کراون، هەندێکیان ئەشکەنجە دراون یاخود هەڵس وکەوتی خراپیان لەگەڵدا کراوە. ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران، ڕۆژنامەوانانی سەربەخۆ و چالاکانی ئوپۆزیسیۆن هەڕەشەیان لێکراوە،و کاری زۆردارانە دژ بە خوێندکاران وخەڵکانی ئەکادیمی بەڕێوە براوە.

بە هەزاران خۆپیشاندەر داوای کۆتایی هاتن بە گەندەڵی، بێ ئیشی وخزمەتگوزاریی خراپی حکوومەت و هەروەها هێنانەکایەی چاکسازیی سیاسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ وئازادییەکانیان کردووە. ئەو خەڵکانە سکاڵایان لەو کۆنترۆڵە سیاسی و ئابوورییە کردووە کە دوو حزبی سیاسی وا لە ساڵی ١٩٩١ وە بەدەستیانەوە بووە واتە لە سەردەمێکەوە کە هێشتا سەددام حوسەین لە پاشماوەی بەشەکانی عیراقدا لەسەر حوکم بوو. پارتی دیموکڕاتی کوردستان (ک. د. پ)، کە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی ڕێبەرایەتی دەکات و و پارێزگای هەولێر و دهۆک بەڕێوە دەبات. یەکیەتی نیشتمانی کوردستان (پی. یو. کەی)، بەڕێبەرایەتی سەرەک کۆماری عیراق جەلال تاڵەبانی، کە پارێزگای سلێمانی بەڕێوە دەبات. وەکالەکانی ئاسایشی کوردی (ئاسایش) وهێزی چەکدار (پێشمەرگە) ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو دوو حزبەوە بەڕێوە دەچن، و هەردوکییان وەکالەی ئاسایشی بەهێز و بێ لێپرسینەوەی حزبییان هەیە کە هی یەکەمیان پێی دەگوترێت پاراستن و ئەوی دووهەمیان ناوی دەزگای زانیارییە.

دوای ١٧ ی شوبات، کاتێ کە یەکەم خۆپیشاندان ڕێکخرا، لە گۆڕەپانی ناوەندیی سەرا لە سلێمانی، کە ئێستا خۆپیشاندەران ناوی مەیدانی ئازادییان لەسەرداناوە، دانیشتنی ڕۆژانە بەڕێوە دەچێت. هەنگاو بۆ بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان لە هەولێر بێ ئەنجام مایەوە لەبەر ئەوەی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە مۆڵەتیان پێ نەدرا وکاتێکیش کە خەڵک ویستیان لە گۆڕەپانی سەرەکی شاردا خۆپیشاندان بکەن، بە زەبروزەنگ بڵاوەیان پێکرا. لە دوو دەرفەتدا کاتێ کە خەڵک ویستیان خۆپیشاندان بکەن، گۆڕەپانەکە بەکردەوە داگیرکرا- ڕۆژی ٢٥ ی شوبات لەلایەن کەسانی ئاسایش بە بەرگی مەدەنییەوە؛ و ڕۆژی ١١ی ئازاریش لەلایەن لایەنگرانی پارتی دیموکڕاتی کوردستانەوە کە بەبۆنەی بیستەمین ساڵیادی ئازادبوونی هەولێر لە دەست بەعس، کۆببوونەوە.

وێدەچێت ئاشکرا بێت کە دووحزبە سیاسییەکە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت پارتی دیموکڕاتی کوردستان، ویستوویانە وەکالەکانی ئاسایش و میلیشیاکانی حزب بخەنە گەڕ بۆئەوەی بزووتنەوەی ناڕەزایی دەربڕین بنکۆڵ ولاواز بکەن و ئامادەشن شێوازی گەلێک توندوتیژ بگرنەبەر، لەوانە، هێزی زێدە، دەست بەسەرکردنی هەوەسبازانە، ئەشکەنجە و هەڕەشە بۆئەوەی بگەن بە ئامانجەکانیان.

## بەکارهێنانی هێز دژ بە خۆپیشاندەران

لای کەم شەش کەسی مەدەنی بە دەست هێزەکانی ئاسایشەوە کووژراون کە هێزی زێدەیان بە چەکی گەرمەوە بەکارهێناوە بۆئەوەی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی و کەلار دامرکێنن. بەڵگە بۆ شێوازی بەکارهێنراوی هێزەکانی ئاسایش لەسەر ئەو ڤیدیۆیانە تۆمار کراوە کە خۆپیشاندەر و ڕۆژنامەنووسان هەڵیان گرتوون. لەهەندێک کێشەدا، خۆپیشاندەران دەستیان داوەتە کاری توندوتیژ، بەتایبەت بەرد فڕێدان، بەڵام هێزەکانی ئاسایش چاوەدێری بەرێ وجێی گیانی خەڵکیان نەکردووە و لە هەندێک کێشە دا چەکی گەرمیان خستۆتە کار، لەکاتێکدا هیچ ترسێکی بەرچاوی مردن یا برینداربوونی جیددی لەئارادا نەبووە.

ڕۆژی ١٧ ی شوبات، هەزاران کەس لە گۆڕەپانی سەرای سلێمانی خۆپیشاندانیان کرد. ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە مۆڵەتی دانیشتنیان لە شۆڕای شار (پارێزگا) وەرگرتبوو. دوابەدوای خۆپیشاندانەکە، سەدان کەس بەرەو ئۆفیسی سەرەکیی پارتی وەڕێ کەوتن ودەستیان کرد بە بەردەبارانی پاسەوانەکان، کە هەندێکیان لەسەربانی بینایەکە بوون. ئینجا هێزی ئاسایشی پارتی تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد. گوللە لە سەری کوڕێکی ١٥ ساڵان بەناوی **ڕێژوان عەلی** کەوت و ناوبراو دەست بەجێ کووژرا. لای کەم ٥٠ کەسیش بریندار بوون.

ڕۆژی ١٩ ی شوبات، کاتێ کە خۆپیشاندانی گۆڕەپانی سەرا لە دەوروبەری سەعات ٤ ی پاش نیوەڕۆ کۆتایی پێهات، سەدان کەس لە خۆپیشاندەران دەستیان کرد بە ڕۆیشتن بەرەو ئۆفیسی سەرەکیی پارتی بۆئەوەی دژ بە ڕووداوەکانی ڕۆژی ١٧ ی شوبات ناڕەزایی دەرببڕن. چەند سەد مەتر دوورتر، هێزەکانی ئاسایش لە گۆڕەپانی خانەقا وەستاندیانن. کلیپی ڤیدیۆ بەڕوونی دەریدەخەن کە هێزەکانی ئاسایش کە هەندێکیان بەرگی مەدەنییان لەبەردابوو، تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد. چەکی بەکارهاتوو بریتی بوو لە تفەنگی کلاشنیکۆڤ و دەمانچە. دوو کەس لە خۆپیشاندەران، **سوورکێو زاهید** ی تەمەن ١٦ ساڵ و **شێرزاد تەها** ی ٢٨ ساڵان بەخەستی بریندار بوون و ڕۆژی دواتر لەنەخۆشخانە کۆچی دواییان کرد. لای کەم ١٤ کەسیتریش بریندار بوون.

ڕۆژی ٢٣ ی شوبات لە هەڵەبجە، پیاوێکی پۆلیسی ٢٣ ساڵان، **سەرکار سەعید**، لە ماوەی خۆپیشاندان و لە دۆخێکی نادیاردا کووژرا. کاربەدەستان، یەک لەوان وەزیری کاروباری ناوخۆیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتیان کە خۆپیشاندەران تەقەیان لێکردووە، بەڵام خۆپیشاندەرەکان ڕەفزی ئەوە دەکەنەوە هیچکامێکیان چەکی گەرمیان پێ بووبێت. شایەدان گوتوویانە پۆلیسەکە بەڕواڵەت بە گوللەیەک کووژراوە کە پۆلیسی دژی ئاژاوە بەرەو ئاسمان دەیانخست.

ڕۆژی ٢٥ ی شوبات لە کەلار خۆپیشاندانێکی هێمنانە لە گۆڕەپانی ناوەندیی شاردا بەڕێوە برا، هەندێک لە خۆپیشاندەران، کە زۆربەیان گەنج ولاو بوون، چوونە ئۆفیسی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەستیان کرد بە بەردەبارانی شوێنەکە. پاسەوانانی پارتی و ئەفسەرانی ئاسایش بە تەقەکردن بەرەو ئاسمان وەڵامیان دانەوە. هێزی یارمەتیدەری پێشمەرگە گەیشتە شوێنەکە. ئینجا هێزی ئاسایش بە گوللەی گەرم تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد. دوو کەسی خۆپیشاندەر کووژران: **بیلال ئەحمەد ساڵح**، تەمەن ١٥ ساڵان کە گوللەی بەرکەوت و دواتر لە نەخۆشخانە مرد؛ و **ڕەشید محەممەد**، تەمەن ٦٥ ساڵان، کە بەڕواڵەت لەوێ وەستا بوو وبەشداریی خۆپیشاندانەکەی

نەکردبوو. دەوروبەری ٢٨ کەسیش بریندار بوون. پێنج کەسیان، بە پیاوانی ئاسایشەوە، بە بەرد بریندار کران.

ڕۆژی ٢٦ ی شوبات، **ئومێد جەلال،** تەمەن ٢٥ ساڵان، لە گۆڕەپانی سەرای سلێمانی کووژرا. بەگوێرەی هەواڵ، بۆمبایەکی دەنگ لەلایەن پۆلیسی دژی ئاژاوەوە فڕێدرایە ناو خەڵکەکە ولای کەم هەشت کەسی بریندار کرد. پاشان پۆلیس دەستی کرد بە تەقەی هەوایی بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران. ئومێد جەلال، کە لەوێ وەستابوو وبەشداریی خۆپیشاندانەکەی نەکردبوو، وەبەر گوللەی وێڵ کەوت.

لە چاوپێکەوتنی ڕۆژی ١٥ ی ئازاری ٢٠١١ لەگەڵ نوێنەرانی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە هەولێر، وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی ١٢٢ ئەندامی هێزەکانی ئاسایش لە پێکدادان لەگەڵ خۆپیشاندەران لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا بریندار بوون، کە هەشتیان پیاوانی پۆلیس بوون و لە شاری هەڵەبجە بە گوللە بریندار کراون.

## ئەشکەنجە و هەڵس وکەوتی خراپی دیکە

ژمارەیەک لە هەڵسووڕاوانی لایەنگری دیموکراسی، بە ئەندامانی حزبە سیاسییەکانی ناو ئوپۆزیسیۆن وەک گۆڕانەوە، بەتایبەت لە سلێمانی، هەولێر، کەلار و هەڵەبجە گیراون. هەندێکیان تا ماوەی چوار ڕۆژ ڕاگیراون ولەو ماوەیە وپێش ئەوەی بەبێ تۆمەتبارکرانی فەرمی ئازاد بکرێن، ئەشکەنجە کراون یا هەڵس وکەوتی خراپیان لەگەڵ کراوە. "تاوان" ی ئەوانە قسەکردن سەبارەت بە گەندەڵیی کاربەدەستان و "دیکتاتۆریی" دوو حزبی سەر دەسەڵات بوو. بۆنموونە، لە هەولێر لای کەم حەوت کەس، زۆربەیان ئەندامانی گۆڕان، لە ڕۆژی ٢٥ ی شوباتدا تەنیا لەبەر ئەوە دەستبەسەرکران، کە پێش دەست پێکردنی خۆپیشاندانێکی پلان دارژاو لە گۆڕەپانی سەرەکی شار کۆببوونەوە. لەئەنجامدا، خۆپیشاندانەکە خۆیشی لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە کپ کرایەوە.

**شروان ئازاد فایق عەبدوڵڵا،** تەمەن ٣٥ ساڵ، کە ژن ودوومندالّی هەیە و بۆ ڕێکخراوەیەکی ئێن جی ئۆ کار دەکات، ڕۆژی ٢٥ ی شوبات لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لە پارکێک بوو لە هەولێر، کاتێ کە هاتن و گرتیان. بۆماوەی چوار ڕۆژ لە دەست بەسەریدا مایەوە وئەشکەنجە کرا. کاتێ کە ڕۆژی ١١ی ئازار لەهەولێر چاوی بە نوێنەرانی لێبووردنی نێونەتەوەیی کەوت، نیشانەی ئەشکەنجە بەسەر دەم وچاویەوە دەبینرا. ناوبراو گوتی:

*"لە دەوروبەری سەعات ٢ و نیوی پاش نیوەڕۆدا بوو، کاتێ کە تازە لە قسەکردنی سەر تەلەفون لەگەڵ برادەرێکم ببوومەوە، سێ پیاو هاتنە بەردەمم و داوایان کرد مۆبایلەکەمیان بدەمێ. بە ماوەیەکی کەم پیاوانی تر گەیشتنێ، ئینجا چەند مستەکۆڵەیەکیان گەیاندە سەرم و بەشەکانی دیکەی ئەندامم. کەوتمە سەر زەوی، بۆ چەند چرکەیەک بەشەق تێیانهەڵدام، بەڵام توانیم هەستمەوە سەر پێ. کەلەپچەیان کردە دەستی ڕاستم و پەیوەستیان کرد بە دەستی چەپی کەسێکی دیکەوە. بەڵام توانیم دەستم بە زۆر ڕابکێشم، کەلەپچەکە شکا بوو. بەرەو ناوەندی شار هەڵاتم. لەماوەی چەند چرکەدا تاقمێکی دیکەی پیاوانی ئاسایش بە بەرگی مەدەنییەوە ڕێگەیان پێگرتم و بە مستەکۆڵە ولێدان بەربوونە گیانم. ئێستا ئاسایشێکی زۆر دەوریان دابووم و بەشەق تێیانهەڵدەدام. خوێن لە لووت وچاوی چەپم دەهات. سەرم ئازاری زۆری هەبوو.*

*خستیانمە ناو ترومبیلێکەوە ... پیاوێکی ئاسایش پێی گوتم تۆ یەک لەو ئاژاوەگێرانە بوویت. بردیانمە ئاسایشی گشتی لە هەولێر. یەکەم جار گوتیان بچۆ بۆ حەمام بۆ ئەوەی دەموچاوی خوێناویم بشۆمەوە. پاشان لای ئێوارە پرس وجۆیان لێکردم. ئەوکەسەی وا پرسیاری لێدەکردم،*

*هەر دیگوت بۆچی لە پارکەکە بووی و بەوەی تۆمەتبار دەکردم کە ئاژاوەگێڕم. داوایان لێکردم ڕاگەیاندنێکی نووسراو ئیمزابکەم. کاتێ گوتم دەمەوێت بزانم چی تێدا نووسراوە، بەتوندی لێیاندام. پاشان کاغەزەکەم بەبێ خوێندنەوە ئیمزا کرد. دووشەو لەوێ مامەوە و لەگەڵ ٦٠ کەسدا لە یەک ژوور کرابووین. ئینجا ڕۆژی سێیەم برامە پۆلیسخانەیەک کە شەوێکی لێ مامەوە ئینجا ئازاد کرام. لە زیندانی ئاسایش یا پۆلیسخانەکە ئەشکەنجە نەکرام."*



شروان ئازاد فایق عەبدوڵڵا دوای ئازاد بوون، هەولێر © Private

**کامران عەلی خواڕەحم**، پێش نوێژێکی ٣٧ ساڵانی خەڵکی سلێمانی، کە ژن و چوار منداڵی هەن، ڕۆژی ٢٧ ی شوبات چووە ناو خۆپیشاندانی گۆڕەپانی سەرا و قسەی بۆ خەڵک کرد. ناوبراو ڕەخنەی لە گەندەڵی گرت و داوای لە حکوومەتی کوردی کرد گوێ بدەنە داواکارییەکانی خەڵک. درەنگتر ئەوڕۆژە، چوار پیاوی چەکدار بە بەرگی سوپاییەوە، کە وادەزانرا پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بن، چوونە ماڵی و داوایان لێکرد لەگەڵیاندا بڕوات. ناوبراو پرسیاری لێکردن ئایا هیچ قەرارێکی گرتنیان پێیە، وەڵامیان دایەوە نا، بەڵام لەگەڵ خۆیان بردیان.. چاویان بەست و دەستیشیان لە پشتەوە بەست. دوای ئەوەی ماوەیەکی کەم بە ترومبیل ڕۆیشتن، بردیانە ژوورێکەوە. ناوبراو بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت:

*"بۆماوەی نزیک بە نیوسەعات بەتەنیایان هێشتمەوە، پاشان دووپیاوی قووچکەبەسەر*

*هاتنەژوورەوە. دەستیان کرد بە لێدانم. زۆریان بە مستەکۆڵە لە دەموچاوم دا وشەقیشیان تێهەڵدام. دەستیان کرد بە جنێوپێدانم. هەڕەشەی کوشتنیان لێکردم و گوتیان دەتکووژین، گوتیان بە زیندوویی لێرە ناچیە دەرەوە..."*[13]

کامران عەلی خوارەحم تا ڕۆژی ١ ی ئازار لەژوورەکەدا هێڵرایەوە و دوای ئەوەی چاوترسێن کرا بەشداریی خۆپیشاندانەکانی دوایی نەکات، بەرەڵڵا کرا. ڕۆژی ٢٩ ی ئازاریش لە پۆلیسخانەی گۆڕەپانی سەرا لە سلێمانی دەست بەسەر کرا و ڕۆژێک دواتر ڕاگوێزرایە گرتووخانەی ئاسایش کە بەگوێرەی هەواڵ، سەبارەت بەو قسانەی وا لە خۆپیشاندانەکەی گۆڕەپانی سەرای سلێمانی کردبووی پرسیاریان لیکردووە. بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بە دابڕاوی لە زینداندا ڕاگیراوە. ڕۆژی ٦ ی نیسانی ٢٠١١ ش ئازاد کراوە.

**دوکتۆر پشتیوان عەبدوڵڵا**، دوکتۆرێکی کوردی عیراقی بواری پزیشکی بە پاسپۆرتی نەمساوییەوە، دانیشتووی نەمسا، لە مانگی شوباتدا سەردانی کوردستانی دەکرد کە لە هەولێر دەست بەسەر وئەشکەنجە کرا. ڕۆژی ٢٥ ی شوبات، کراسێکی بە سەر تی شرتەکەیدا لەبەر کردبوو کە لە پێشەوەی تی شرتەکە نووسرابوو "نا بۆ گەندەڵی، بەڵێ بۆ دادپەروەری" و لەپشتەوەشی نووسرابوو "خواستی خەڵک نابێ بەگوللە وەڵام بدرێتەوە". لە گۆڕەپانی سەرەکی هەولێرکراسەکەی داکەند بۆئەوەی تی شرتەکەی دەربکەوێت. دوو کوڕی لاو هاتنە لای و داوایان لێکرد کراسەکەی بکاتەوە بەری. ئەو ڕەفزی کردەوە. لێرەدا دەوروبەری ١٥ کەس لە پشتەوە هێرشیان کردە سەری، لەکاتێکدا خستبوویانە سەرزەوی بە مستە کۆڵە و شەق لێیاندەدا. ناوبراو بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت:

"تی شرتەکەیان نایە سەر دەم وچاوم و دەستیان لە پشتەوە بەستم. دو ترومبیلی پۆلیس لە شوێنەکە بوون، بەڵامخۆیان لە کارەکە هەڵ نەقوتاند. [هێرشکارەکان] لە ترومبیلێکیان خستم و لێیانخۆڕی ڕۆیشتن. پاش دە خولەکێک ترومبیلەکەمان لەبەر دەرکی بینایەی ئاسایشی گشتی وەستا. گەلێک کاربەدەستی ئاسایشی لێبوون و ئەوانیش دەستیان کرد بە شەق تێهەڵدان و لێدانم. بردیانمە ژوورێکی بچووکەوە. هەر پێنج خولەک جارێک دوو کاربەدەستی ئاسایش دەهاتنە ژوورەکەمەوە و لێیاندەدام. بۆ ماوەی دەوروبەری چوار سەعات بە شەق و زللە لێیاندام. خوێن لە لووت، گوێ، دەست، پشت، ڕان و چاوی ڕاستم دەهات. هەر پێنج خولەک جارێک ئەوان پشوویان دەدا و دوو کاربەدەستی جیاوازی تر دەهاتنە شوێنی ئەوان... جنێویان پێدەدام، جنێویان بە ژن و منداڵەکانم و گۆڕان دەدا ..."

دوکتۆر پشتیوان سێ ڕۆژ لە بینایەی ئاسایشی گشتی مایەوە ئینجا نێررایە پۆلیسخانەیەک، لەوێ ٢٤ سەعات مایەوە و پاشان ئازاد کرا. ناوبراو بە لێبووردنی نێونەتەوەیی ڕاگەیاند کە سکاڵای تەقدیم نەکردووە. "سکاڵام تەقدیم نەکرد. سکاڵا بۆ لای کێ بەرم؟ ئاسایش هەمووشتێکە. پارتی دیموکراتی کوردستان هەمووشتێکە."

## هەڕەشە لە خۆپیشاندەر و ڕەخنەگران

13 وتووێژ لەلایەن لێبووردنی نێونەتەوەییەوە، سلێمانی، ٨ ی ئازاری ٢٠١١

خەڵکێکی زۆر بەهۆی دەورگێرانیان لە خۆپیشاندانەکاندا هەڕەشەیان لێکراوە، بەتایبەت ئەوانەی وا خۆپیشاندانەکانیان ڕێک خستووە، ئەندام یا لایەنگری حزبە سیاسییەکانی ناو ئوپۆزیسیۆن بوون، و کەسانی ناسراوی ئایینی کە دەنگیان دژ بە گەندەڵی بەرز کردۆتەوە، یان لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بوون.

**فاتمە ئەحمەد،** هەڵسووڕاوێکی ئوپۆزیسیۆنی سیاسی تەمەن ٤٢ ساڵ، کە هاوسەر و دوومنداڵی هەن، بەهۆی هەڵسووڕاوییەکانیەوە هەڕەشەی لێکراوە.[14] سەعات ٨ ی بەیانی ڕۆژی ٢٥ ی شوبات، ناوبراو پەیوەندی بە ژنانی هەڵسووڕاوی دیکەوە گرت بۆ ئەوەی بەشداریی خۆپیشاندانێک بکەن لە هەولێر. ئەو شەوە سێ چەکدار بە بەرگی مەدەنییەوە هاتنەماڵیان. یەکیان لەدەرگای دا و بە هاوسەرەکەی گوت دەیانەوێت لەگەڵ فاتمەدا قسە بکەن. ناوبراو ئاوای بۆ لێبووردنی نێونەتەوەیی گێرایەوە:

*"لێم پرسین چییان لێم دەوێ. گوتیان مۆبایل و هەندێک زانیاریمان لێت دەوێت. گوتم ئێوە مافی ئەوەتان نییە کاری وابکەن. گوتم لای بەرپرسی ناوچەیی سکاڵاتان لێدەکەم، بەڵام تەلەفونەکەی لێ سەندم. دەستی کرد بە هەڕەشە وگوتی ئەگەر کۆتایی بە هەڵسووڕانی سیاسی ناحەز نەهێنی دەترفێنین، دەستدرێژیت دەکەینە سەر وڤیدیۆ لە دەستدرێژییەکە هەڵدەگرین. گوتیان لەو ڕێگایەوە بێدەنگ دەبی و لێشمان دەپاڕێیەوە. مێردەکەم لێرەدا لەگەڵیان کەوتە دەمەقاڵێوە."*

لەودەمەوە فاتمە ئەحمەد لەماڵی هاوڕێیەکی دەژی ومنداڵەکانی لەگەڵ باوکیاندا لە شوقەیەکی تر دەژین. ناوبراو نایەوێت سکاڵا بەرێتە بەردەم دادگا لەبەر ئەوەی بڕوای بە سیستەمی دادپەروەری نییە. لە ٢٥ ی شوبات بەملاوە نەچۆتە سەر ئیش وکارەکەی لەبەر ئەوەی دەترسێ بیرفێنن ودەستدرێژیی بکەنە سەر.[15]

[14] ناوی ڕاستەقینەی پارێزراوە.

[15] پێشتریش ڕاپۆرتی هەڕەشەی جنسی لە ژنانی چالاکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە لێبووردنی نێونەتەوەیی. بەڵام هەرچۆنێک بێت، ژنانێک کە بوونەتە نیشانەی دەستدرێژیی جنسی یا کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی ئەو دەستدرێژییە، زوربەی جاران لەترسی ناوپیس بوونی کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتی ڕووداوی ئەوتۆ ڕاناگەیێنن.




ڕۆژی ٨ ی ئازار، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە ساڵی ٢٠١١، لە گۆڕەپانی سەرا لە سلێمانیAsuda ©

**عوسمان محەممەد مەحموود**، پێشنوێژێکی ٣٦ ساڵان لە سلێمانی، ژن و سێ منداڵی هەن، لەمانگی دوودا لە گۆڕەپانی سەرا لە سلێمانی بەشداری خۆپیشاندان بوو، قسەی بۆخەڵک کرد وداوای لێکردن هەتا بە داوخوازییەکانیان دەگەن درێژە بە خۆپیشاندان بدەن. ڕۆژێک دواتر لە دەوروبەری سەعات ٩ ی بەیانی ژنەکەی زەرفێکی لەحەوشەی ماڵیاندا دۆزییەوە کە گوللەیەک ونامەیەکی لەناودابوو. لەنامەکەدا گوترابوو "ئینزار دەکرێیت – مەچۆوە بۆ گۆڕەپانی سەرا". عوسمان محەممەد مەحموود چوو بۆ ئاسایش لە نزیک ماڵیان و ئاگاداری هەڕەشەکەی کردنەوە. پێیان گوت ئەگەر پاسەوانی بوێت، دەتوانن بۆی دابین بکەن، بەڵام ناوبراو پێشنیارەکەی دایە دواوە. چووەوە بۆناو خۆپیشاندەران لە ناو گۆڕەپانەکە، ئیتر لەو دەمە بەدواوە هیچ هەڕەشەیەکی لێنەکراوە.

## هێرش بۆ سەر دەزگاکانی مێدیا و ڕۆژنامەنووسان

ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس، بەتایبەت ئەوانەی وا بۆ ڕۆژنامە، ڕادیۆ و ئێزگەی تەلەفیزیۆنی فەزایی ئیش دەکەن هەڕەشەیان لێکراوە، و زۆربەیان لە پەیوەندی بڵاوکردنەوەی هەواڵی خۆپیسساندانەکاندا پەیامی "ئێس ئێم ئێس" یان پێگەیشتووە.[16] دەزگا سەربەخۆ یا موعاریزەکانی مێدیا هەروەها هێرشیان کراوەتە سەر، بە ئاگرتێبەردانەوە.

[16] لەم ڕێگایە و ڕێگای دیکەوە ساڵانێکە ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ لەلایەن ئاسایشی کوردییەوە کراونەتە نیشانە، و دووکەسیان لە بارودۆخێکی گومان لێکراودا لێ کووژراون.

ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی سەربەخۆی نالیا (ئێن ئاڕ تی) سەر لەبەیانیی زووی ڕۆژی ٢٢ ی شوبات لەلایەن گروپێکی نزیک بە ٥٠ کەسیی چەکدار بەبەرگی مەدەنییەوە ئاگر تێبەردرا. کاتێ کە هێرشەکەی کرایە سەر، ئێزگەی ناوبراو تەنیا سێ ڕۆژ بوو دەستی بە ئیش کردبوو. پیاوەکان کەرەسەی ناو ئەو بینایە چۆڵەیان دایە بەر گوللە و بەنزینیان بە بینایەکەدا کرد. لای کەم شەش کەس لە هێرشکاران کە چووبوونە قاتی سەرەوە، سووتان و برانە نەخۆشخانە. چەند سەعاتێک پێش ڕووداوەکە، بەڕێوەبەری ئێزگە، **توانا عوسمان** بە تەلەفون هەڕەشەی لێکرا. ئەو کەسەی وا تەلەفونی بۆ کرد و نەناسراو مایەوە، پێی گوت: "ئەگەر درێژە بە ئیشکردن لەو ئێزگەیە بدەیت، دەکووژرێیت.[17] هەواڵدەرێکی ئێزگەکە لە هەولێر، **فەرمان محەممەد فەتتاح**، لە سەر تەلەفونە مۆبایلەکەی هەڕەشەی لێکرا. "ئەگەر بەتەنیایی بگەڕێیتەوە ماڵتان، ئەوەت بەسەر دەهێنین کە بەسەر ئێزگەکەتان هات."[18]

**نیاز عەبدوڵڵا**، ڕۆژنامەنووسێک کە ئیش بۆ ڕادیۆ نەوا لە هەولێر دەکات، ڕۆژی ٢٥ ی شوبات چوو بۆ گۆڕەپانی سەرکیی شار لە هەولێر بۆئەوەی لەوێ هەواڵی خۆپیشاندانێکی بەرنامە بۆدانراو وەربگرێت. کاتێ سەعات دەوروبەری ١ و نیوی دوای نیوەڕۆ گەیشتە ئەوێ و نیشانی ڕۆژنامەنووسییەکەشی بە ڕوونی دیار بوو، دوو پیاو بە بەرگی مەدەنییەوە هاتن بۆلای. ناوبراو بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت:

"کاتێ چوومە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە و گوتم ئاسایشێکی زۆر لە ناوگۆڕەپانەکە ئامادەن و زۆربەی ئەندامانی ئاسایش بەرگی مەدەنییان لەبەردایە، یەک لەوان مۆبایلەکەی بەزۆر لەدەستم سەند. کووژاندیەوە و لێی پرسیم بۆچی لەسەر تەلەفونەکە درۆم کردووە... ناوبراو گوتی تۆ دەتەوێت ناوچەکە بشێوێنی. مۆبایلەکەی پێدامەوە بەڵام هەڕەشەی دەستدرێژیی لێکردم."

ڕۆژنامەنووسێکی دیکە ئامۆژگاریی نیاز عەبدوڵلای کرد بڕوات لەبەرئەوەی شوێنەکە پڕ بوو لە کاربەدەستانی ئاسایش و خۆیشی هەستی کرد کە خەریکە گۆڕەپانەکە پڕ دەبێت لە لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان. کامیرامەنێکی زۆری ناو گۆڕەپانەکە ئەو ڕۆژە لەلایەن کاربەدەستانی ئاسایشەوە کامیراکانیان لێ ئەستێنرا.

ڕۆژی ٦ ی مانگی سێ، پیاوانی جەکدار هێرشیان کردە سەر ئێزگەی ڕادیۆ دەنگ، کە لە ناوەندی شاری کەلار دامەزراوە. پیاوەکان دەرگا و هەروەها چەند کەرەسەیەن شکاند، و کەمپیوتەرێک، کەمپیوتەرێکی لەپ تۆپ، وکەرەسەیەکی دیکەشیان برد. پاسەوانێکی ئێزگەکە گوتوویەتی کە یەک لە هێرشکاران جل وبەرگێکی فەرمیی لەبەردابوو کە ئەو نەیزانی چییە. هەواڵدەرێکی ڕادیۆکە بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت: هێرشی سەر ڕادیۆکە بەو ئامانجە کرا کە پەیامێک بۆ هەواڵنێران سەبارەت بە ڕاگەیاندنی هەواڵی خۆپیشاندانەکان بنێررێت.[19] ئێزگەی ڕادیۆکە سکاڵایەکی لەلای ئاسایش و دادگا تۆمار کردووە.

**کەمال ڕەئووف**، سەرنووسەری *هاوڵاتی*، ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ، ڕۆژی ٨ ی ئازار، سێ پەیامی هەڕەشەئامێزی پێگەیشت. یەک لە پەیامەکان ئاماژەی بەوە دەکرد کە واهەیە ئۆفیسی

---

[17] وتووێژ لەلایەن لێبووردنی نێونەتەوەییەوە، هەولێر، ١١ ی ئازاری ٢٠١١

[18] وتووێژ لەلایەن لێبووردنی نێونەتەوەییەوە، هەولێر، ١١ ی ئازاری ٢٠١١

[19] وتووێژ لەلایەن لێبووردنی نێونەتەوەییەوە، سلێمانی، ٨ ی ئازاریی ٢٠١١

ڕۆژنامەکە هێرشی بکرێتەسەر. کەمال ڕەئووف مەسەلەکەی بە پۆلیس و دەفتەری سەرەک وەزیران ڕاگەیاند. دواتر، پۆلیس چوو بۆلای، بەڵام دەست بەجێ دوای ئەوە تەلەفونێکی نەناسراوی بۆکرا و گوترا کە بە هەواڵی پەیوەندی کردنی بە پۆلیسیان زانیوە.

**هەژار ئەنوەر جەوهەر**، تەمەن ٢٩ ساڵان بە ژن و دوو منداڵەوە، وەک هەواڵنێر لەگەڵ کەیٔ ئێن ئێن کە قەناتێکی تەلەفیزیۆنیی گۆڕانە، لەهەولێر ئیش دەکات. شەوی ٩ ی ئازار هەواڵێکی کورتی سەبارەت بە بوونی نوێنەرانی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە هەولێر لەسەر کەی ئێن ئێن ڕاگەیاند. دووڕۆژ پێش ئەوە، سەبارەت بە هاتنیان و هەروەها بارودۆخی مافی مرۆڤ لە وولات چاوپێکەوتنی وەفدەکەی کردبوو. چەند خولەکێک دوای بلاوبوونەوەی هەواڵەکە، برای ناوبراو سێ پەیامی لەسەر مۆبایلەکەی پێگەیشت کە تێیاندا هەڕەشە لە هەژار کرابوو. یەک لە پەیامەکان ئەوە بوو: "من بەباشی دەتناسم. پێویستە ئامۆژگاریی براکەت بکەیت دەست لە هەموو چالاکییەکی تێکدەرانەی ناو هەولێری هەڵبگرێت، دەنا کارەساتی بەشوێندا دێت." هەژار ئەنوەر جەوهەر ڕۆژی ١٠ ی ئازار، سکاڵایەکی لای پۆلیسی ناوچەی ئیسکان لە هەولێر تۆمار کرد.



هەواڵنێر هەژار ئەنوەر یەک لەو پەیامە هەڕەشە ئامێزانە پیشان دەدات

©Amnesty

## هەڕەشە لە خوێندکار و خەڵکانی ئەکادیمی

هەموو زانکۆ وکۆلیجەکانی خوێندنی باڵا و پەیمانگەکان لە هەولێر لە ڕۆژی ٢٤ ی شوباتی ساڵی ٢٠١١ هوە داخراون و خەڵکانێکی زۆری ئەکادیمی هەڕەشەیان لێکراوە.

بەگوێرەی هەواڵ، خوێندکاران بۆ پشتگیری کردنی خۆپیشاندەران لە سلێمانی بەرنامەیان بۆ خۆپیشاندان ودانیشتن داناوە. ئێوارەی ڕۆژی ٢٣ ی شوبات، ئەندامانی یەکیەتی خوێندکارانی کورد (کەی ئێس یوو) ی پەیوەندیدار بە پارتی دیموکراتی کوردستان، چوون بۆ لای ئەو خوێندکارانەی وا لە بەشی ناوخۆ دەژیان و پێیان گوتن دەبێ ڕۆژی دواتر زانکۆ بەجێ بهێڵن و بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. یەکیەتی خوێندکارانی کورد چەند پاسی بەکرێ گرت بۆ ئەوەی خوێنکارەکان بگەڕێنێتەوە ماڵیان لە دەرەوەی هەولێر. بەخوێندکارەکان گوترا کە ئەگەر بێت و لەوێ نەڕۆن نە کارەبایان دەبێت نە ئاو و دەرگای ژوورەکانیشیان لەسەر دادەخرێت. ڕۆژی دواتر هەموو خوێندکارەکان ڕۆیشتن و سەرۆکایەتی زانکۆکان هەموو زانکۆکانی تا ڕۆژی ١ ی نیسان قەپات کرد. ڕۆژی دواتر، هەندێک لە مامۆستاکان پەیوەندییان بە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە گرت بۆئەوەی سەبارەت بە داخرانی زانکۆکان پرسیاریان لێبکەن. پێیان گوترا کە وەزارەتەکە ئاگاداری ئەو بڕیارە نییە.

**سەمیر ڕەجەب،**[20] مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت کە هەڕەشەی لێکراوە ویەک لەوانە تەلەفونی کەسێکی نەناسراو بووە لە شەوی ٢٣ ی شوباتدا. ناوبراو دەڵێ کەسەکە پێی گوتووە "زمانت دەبڕم. ئێمە لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستان و خەڵکی هەولێرین...." دوای چەند خولەکێک نەناسراوێکی دیکە تەلەفونی بۆکردووە و پێی گوتووە من خوێندکاری پۆلەکەی تۆم، ئەگەر لێرە لەهەولێر خۆپیشاندان بکرێت، دەتکووژم. نامەوێت لە کۆلێژەکەدا بیت." سەمیر ڕەجەب لای وایە هۆکاری ئەو تۆقاندنانە ئەوەیە لە ماوەی دەرسی ڕۆژی ٢٥ ی شوباتدا بە خوێنکارەکانی گوتبوو کە خەڵکی هەولێردەبێ هەمان داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی سلێمانییان هەبێت. ئەو شەوە سەروکی کۆلیژ بانگی ناوبراوی کرد بۆئەوەی لێی بپرسێت بۆچی لە ناو دەرسەکەدا ئاماژەی بە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی کردووە. سەمیر ڕەجەب بە لێبووردنی نێونەتەوەیی گوت سکاڵای سەبارەت بەو هەڕەشانە تۆمار نەکردووە لەبەر ئەوەی پۆلیسخانەکان لە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستاندان.

**ئەیووب ئەنوەر حەمەد،** مامۆستایەکی ٣٧ ساڵەی زانکۆی سەلاحەددینیش لەسەر تەلەفونە مۆبایلەکەی هەڕەشەی لێکراوە. ڕۆژی ١٠ ی ئازار، کەسێک تەلەفونی بۆکرد و پێی گوت: "دەزانم تۆ مامۆستای زانکۆی، نابێ خۆت تێکەڵاوی سیاسەت بکەیت، هەولێر مەشێوێنە، من بەشوێنتەوە بووم و دەزانم چیت لەبەردایە، ئێمە گرووپێک خەڵکین لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە....." [21]

---

[20] ناوی ڕاستەقینەی پارێزراوە.

[21] وتووێژ لەلایەن لێبووردنی نێونەتەوەییەوە، هەولێر،١٤ ی ئازاری ٢٠١١

# ٤. ئامۆژگارییەکان

لێبووردنی نێونەتەوەیی داوا لە دەسەڵاتداریەتی عیراق ، بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، دەکات بۆئەوەی:

- مافی خۆپیشاندانی هێمنانە زامن بکەن و بیپارێزن، هەروەها خۆپیشاندەران لە بەکارهاتنی هێزی زێدەی پۆلیس یا توندوتیژیی کەسانیتر بپارێزن.

- لە مەسەلەی کوشتن و هێرش کردنە سەر خۆپیشاندەران و سووکایەتی و هەڕەشەی سەر ڕۆژنامەنووس و ئەوانیتردا، لێکۆڵینەوەی تەواو و شەفاف بەڕێوەبەرن، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بە خەڵک ڕابگەیێنن و تاوانکاران بدەنە دەست دادپەروەری.

- دڵنیایی پێک بهێنن بۆ ئەوەی بەڕێوەبردنی ئەرک لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و کاربەدەستانی دیکەی بەڕێوەبەری یاساوە، هەمووکاتێک بەگوێرەی "پەیڕەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاربەدەستانی بەڕێوەبەری یاسا" و "ئوسوولی سەرەتایی لەمەڕ بەکارهێنانی هێز و چەکی گەرم لەلایەن کاربەدەستانی بەڕێوەبەری یاساوە" بێت. ئەوانەش لەڕێگەی تێگەیاندنی ڕوونی ئەو ئامۆژگاریيانەوە بەرهەم بێن کە تەنیا کاتێ هێز بەکار بهێنرێت کە پێویست بکات و لەڕادەیەکیشدا بێت کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان پێویست بێت، هێزی کوشەندەش واهەیە تەنیاکاتێک کەڵکی لێ وەربگیرێت کە لەپێناو پاراستنی گیانی خۆیان و خەڵکانیتردا هیچ ڕێگاچارەیەکی تریان بۆ نەمابێت.

- بەئاشکرا سەرکۆنەی ئەشکەنجە و هەڵس وکەوتی خراپی دیکە بکەن، و دڵنیابن لەوەی ئەم دەستدرێژیانە بوەستێنرێن.

- لە مەڕ هەموو ئەوشتانەی کە پێیان دەگوترێ ئەشکەنجە یا هەڵس وکەوتی خراپی دیکە، لێکۆڵینەوەی تەواو و شەفاف بەڕێوەبەرن و تاوانکاران بدەنە دەست دادپەروەری.

- قەرەبووی هەموو قوربانییانی دەستدرێژی بۆسەر مافەکانی مرۆڤ بکەنەوە بە غەرامەی دارایی و شێوازەکانی دیکەی قەرەبووەوە، بەشێوەیەک کە ئەو قەرەبووکردنەوەیە لەگەڵ ڕادەی توندوتیژیی و بارودۆخی کەیسەکەیاندا یەک بگرێتەوە.

# چ لە پێکدادانە هەرە گەورەکان دا یان لەو کاتانەی کە هەموو دنیا لە بیریان چووبێتەوە، لێبوردنی نێونەتەوەیی کەمپەین بۆ یەکسانی، ئازادی و ڕێزو حورمەت بۆ هەمووان دەکات و هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی هەمووان بۆ دروست کردنی دنیایەکی باشتر دەدات

## دەتوانی چی بکەی؟

چالاکانی مافی مرۆڤ لە هەموو دونیادا پیشانیان داوە کە دەکرێت لە بەرانبەر هێزە ترسناکەکان کە پێشەلکاری مافی مرۆڤ دەکەن ڕابوەستی. ببە لە بەشێک لەم جووڵانەوە. بە دژی ئەو کەسانەی کە رق و ترس بڵاو دەکەنەوە خەبات بکە.

- ببە بە ئەندامی لێبوردنی نێونەتەوەیی و ببە لە بەشێک لە کەمپەینی جووڵانەوە جیهانی بۆ کۆتایی هێنان بە پێشەلکاری مافی مرۆڤ.
یارمەتیمان بدە تا بتوانین گۆڕانکاری بکەین.
- یارمەتی ماڵیمان بدە بۆ پشتیوانی کردن لە کارەکانی لێبوردنی نێونەتەوەیی.

**پێکەوە دەتوانین کارێک بکەین کە دەنگمان ببیسرێت.**

☐ من پێم خۆشە لە سەر بوونە ئەندامی لێبوردنی نێونەتەوەیی زانیاری زیاترم بە دەست بگات.

ناو

ئادرەس

وڵات

ئیمەیل

☐ پێم خۆشە یارمەتی ماڵی لێبوردنی نێونەتەوەیی بدەم (یارمەتی ماڵی بە پاوەند و دۆلار و یورۆ وەردەگیرێت)

چەند پارە

تکایە پارەکە وەربگرە لە　ویزا ☐　ماستەر کارد ☐

ژمارە

ڕێکەوتی کۆتایی هاتن

ئیمزا

تکایە ئەم فۆرمە بگەڕێنەوە بۆ دەفتەری لێبۆردنی نێونەتەوەیی لە وڵاتی خۆتان. بۆ دەفتەری جیهانی لێبوردنی نێونەتەوەیی:

ئەگەر دەفتەری لێبوردنی نێودەوڵەتی لە وڵاتەکەتان دا نیە تکایە ئەم فۆرمە بگەڕێنەوە بەم ئادرەسە:

**Amnesty International**, International Secretariat,
Peter Benenson House, 1 Easton Street,
London WC1X 0DW, United Kingdom

amnesty.org



# دەمەوێ یارمەتی بدەم

# ڕۆژانی هەستان

## خۆپیشاندان و سەرکوت کردن لە ئێراق دا

دەیان هەزار ئێراقی، کە بە شۆرشە سەرکەوتووەکانی تونیس و میسر وروژا بوون، لە سەرەتاکانی مانگی فوریەی 2011 دا بۆ خۆپیشاندان بە دژی نەبوونی سەرەتایی ترین خزمەتگوزاریەکان، گرانی، بێکاری زۆر و گەندەڵی بێ کۆتایی هاتوونەتە سەر شەقامەکان و داوای مافی زیاتری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەن. هێزەکانی پارێزگاری بە بەردەوامی و بە بەکار هێنانی زۆری لە ڕادەبەدەر و چەک و بۆمبی سەوتی بە زۆر خۆپیشاندەرەکان کە بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە خۆپیشاندان دەکەن، بڵاوە پێ کردووە بە تایبەتی لە ڕۆژی 25 مانگی فوریە واتە ”ڕۆژی هەستان“، کە خۆپیشاندان لە هەر هەموو ئێراق دا بەڕێوە چوو. لانی کەم 20 کەس کوژراون. ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە گیراون دەڵێن کە ئەشکەنجە دراون و هەڵسوکەوتی ناشیرینیان لەگەڵ دا کراوە. ئەو ڕۆژنامەوان و کارگێڕانی سیاسییەی کە ویستوویانە هەواڵەکان بڵاو بکەنەوە بوونەتە ئامانجی هێرش وهەڕەشە.

ئەم ڕاپۆرتە لە سەر ئەو زانیاریانەیە کە بە سەردان لە وڵاتی ئێراق لە کاتی خۆپیشاندانەکان و ئەو بەڵگانەی کە لە خۆپیشاندانەکان و سەرکوت کرانیان لە هەموو ئێراق دا کە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، وە دەست لێبوردنی نێونەتەوەیی کەوتووە، نووسراوە. لێبوردنی نێونەتەوەیی داوا لە کاربەدەستان دەکات کە پێش بە بەکار هێنانی زۆری لە ڕادەبەدەر و ئەشکەنجە کە لە لایەن هێزەکانی ئەمنیەتیەوە بە کار دەبرێت و لە بەرامبەر کەسیش دا وڵامدەر نین، بگرێت نەک ئەوەی کە پێش بە خەڵک بگرێت کە بە شێوازێکی ئاشتی خوازانە خۆپیشاندان دەکەن.

amnesty.org

ژمارە:مدە 14/013/2011
ئاوریلی 2011

AMNESTY
INTERNATIONAL